فڕۆکەیەکی بچووک بە دوو سەرنشینەوە لە نیویۆرک کەوتە خوارەوە و قوربانی کەوتەوە



فڕۆکەیەکی بچووک بە دوو سەرنشینەوە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 12ـی کانوونی یەکەم لەسەر ڕێگایەکی خێرا لە ناوچەی وێستچێستەر لە ویلایەتی نیویۆرک کەوتەخوارەوە و لە هەر دوو سەرنشینەکەی یەکەیان گیانی لەدەستدا و ئەوی دیکەش بریندار بوو.

هێوداوەکە هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکان لەسەر ڕێگای خێرای (684) لە ناوچەی هاریسۆن لە نیویۆرک ڕاگرت کە نزیکەی 40 کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری مانهاتن دوورە، لەنزیک کاتژمێر 7ـی ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە.

فیدیۆیەکی شوێنی هێوداوەکە نیشان دەدات کە فڕۆکە سپیە زیانلێکەوتووەکە لەتەنیشت بڕبڕستێک لە ناوچەیەکی شڤامەکە وەستاوە و ئەمبوڵانسەکان و ئۆتۆمبێلی بڕگری شارستانی و پۆلیس ڕێگاکانیان داخستووە، بۆ بەهاناچوونی قوربانیان.